## گەشەی ئابووری

**پێناسەی گەشەی ئابووری : بریتیە لە گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی ( داهاتی نەتەوەیی ) بێ ئەوەی گۆڕانکاری گرنگ و بەرچاو ڕووبدات بە بوارەکانی تر ( لایەنەکانی تر ) ، یاخود : بریتیە لە زیادبوونی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی ڕاستەقینە ، هەروەها پێناسەکراوە بە : بریتیە لە زیادبوونی تێکڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاك بێ ئەوەی ئەم زیادبوونە ببەسترێتەوە بە گۆڕانکاریەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی .**

**بیردۆزی ولیم والت روستو بۆ گەشە**

**ئابووریناسی ئەمریکی ولیم والت روستو هەوڵی دا بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو سەبارەت بە گەشەی ئابووری، ئەویش لە میانەی بۆچوونەکانی کە کۆمەڵگا بە پێنج قۆناغ تێدەپەڕێت بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی ئابووری کە بریتین لە :**

1. **قۆناغی کۆمەڵگای کلاسیکی : لەم قۆناغەدا ئەرکەکانی بەرهەمداری سنوردارە ، وە لە ڕووی ئابووریەوە کۆمەڵگا تا ڕادەیەك بێ بازاڕی پێوەدیارە ( مەبەست ئەوەنیە ئەم بێ بازاڕیە بەشێوەیەکی ڕەهایە ) ، وە ئەمە مانای ئەوەنیە کە زیاد نابێت لەگەڵ بەگەڕخستنی ڕووبەری زیاتر و بەکارهێنانی تەکنیکی تر لە بەرهەم هێنان ( لێرە مەبەست بەرهەمی کشت و کاڵە ) ، بەڵام ئەم زیادبوونی بەرهەمە بەرێژەیەکی زۆر کەمە ، وە ئاستێکی بەرزی هەیە ( مەبەست دەزانرێت ) بۆ بەرهەمی تاك کە پێی دەگات ( مەبەست ئەوەیە لەوە زیاتر ناتوانێت ) ، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك کە بریتین لە : لاوازی توانای تەکنیکی نوێ ، لاوازی لە جێبەجێکردنی تەکنیکی نوێ بە شێوەیەکی جێگیر و ڕێك و پێك هەروەها بەرهەمی کەرتی پیشەسازی و کشت و کاڵی سنووردارە، وە ڕێژەیەکی زۆر ( موارد )ەکانی ئابووری تەرخانکراوە بۆ چالاکی کەرتی کشت و کاڵی ، وە سیستەمی کۆمەڵایەتی پشتاوپشتە ( لێرە مەبەست لە وەرگرتنی دەسەڵاتە )، وە لەم قۆناغە شێوەی دەسەڵات ناوەندی یە ( مرکزی ) یە ( مەبەست ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان دراوە بە ناوەندەکانی بڕیار بەدەست ) ، لەگەڵ بوونی کاریگەری لە دەسەڵاتی دەسەڵاتداران لە هەرێمەکان و خاوەن زەویەکان.**
2. **قۆناغی دەستەبەرکردنی مەرجەکانی پێویست بۆ دەستپێکردنی چالاکی بەرەوگەشەی بەردەوام : لەم قۆناغە دۆزینەوەکانی ( داهێنانەکانی ) زانستی دەچێتە بواری جێبەجێکردن ئەویش لە ڕێگای چالاکیەکانی بەرهەمداری لە پیشەسازی و کشت و کاڵی ، وە هۆکارەکانی ناوخۆیی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گەشەی ئابووری ئەویش لە میانەی بەرفراوانکردنی بازاڕ و ( موارد )ەکانی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی بازرگانی ، وە ڕێکخستنی ( مەبەست باشکردنی ) بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ، وە پەیدابوونی ( بەدیارکەوتنی ) کەسانی داهێنەر کە پێیان وایە نوێکاری ئابووری ( مەبەست پەیدابوونی کاڵای نوێ یە ) هەردەبێ ببێ ، وە هەروەها ئەم نوێکاری یە خوازراوە لەلایەن کۆمەڵگا ، وە کەسانێك ئارەزوو دەکەن پاشەکەوتەکانیان زیاد بکەن بە ئامانجی وەبەرهێنان ، وە دەست پێشخەری**

دەكەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ترسناكی بەكارهێنانی داهێنانەكان ، ئەمە و سوود وەرگرتن لە هەلەكانی داهێنانەكان پشت دەبەستێت بە داهێنانە نوێیەكان و ڕاهێنانی كرێكارەكان ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی تێكڕای كەڵەكەبوونی سەرمایە لە سەرووی ( زیاتر لە ) تێكڕای گەشەی دانیشتوان . لەلایەكی تر وەبەرهێنان زیاد دەكات لە بوارەكانی گەیاندن و سەرمایەگوزاری كۆمەڵایەتی ( مەبەست ژێرخانی ئابووری یە ).هەروەها وەبەرهێنان زیاد دەكات لە كەرتی كشت و كاڵی بۆ ئەوەی ببێت بە پاڵپشتی گەشەی ئابووری ، وە دیاردەی نەتەوەپەرستی سەرهەڵدەدات وەكو هێزێكی پاڵنەر و گرنگ بۆ گەشەی ئابووری .

3. قۆناغی دەرچوون : لەم قۆناغە ئەم هۆكارانە ( كۆسپانە ) لەناودەچن كە ڕووبەڕووی گەشەی ئابووری دەبنەوە ، وە دەستەبەركردنی گەشەی ئابووری دەبێتە كارێكی ئاسایی ، وە پێشكەوتنی ئابووری بەرجەستەكراوە ( مەبەست ئەوەیە هەستی پێدەكرێت )، چالاكی گەشەی ئابووری ڕەگی داكوتاوە لە كۆمەڵگا ئەویش لە میانەی بەرزبوونەوەی پوختەی تێكڕای وەبەرهێنان لە 5٪ بۆ زیاتر لە 10٪ وە پڕۆژەی پیشەسازی نوێ سەرهەڵدەدا و گەشە دەكات بە تێكڕای بەرز ، وە شارەكان بەرفراوان دەبن و داهاتی تاكەكان زیاد دەكات و توێژی پیاوانی كار بەرفراوان دەبێت وە لە ڕووی سیاسی و كۆمەڵایەتیەوە بەرەوپێش چوون ڕوودەدات وە دەبێتە هاندەر بۆ گەشەی ئابووری ، سەرەڕای هەموو ئەمانە هەندێك شێوازی بەرهەمهێنانی كلاسیكی لە كۆمەڵگا بوونیان دەمێنێت وە ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی بیست ساڵ.

4. قۆناغی پێگەیشتن: لەم قۆناغە تەكنیكی نوێ لە هەموو بوارەكانی ژیان بەكاردەهێنرێت ، وە لە نێوان 10٪ - 20٪ لە داهات بە شێوەیەكی جێگیر بەگەڕدەخرێت بۆ وەبەرهێنان وە گەشەی بەرهەم خێراترە لە گەشەی دانیشتوان ، وە پێكهاتەی ئابووری لە ڕووی بەكارهێنانی تەكنیكی نوێ گۆڕانی بەسەردا دێت ، وە هەندێك لە بەروبومەكانی پیشەسازی لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت كە پێشتر لە دەرەوە هاوردە دەكران، وە هەندێك بەروبومەكانی پیشەسازی ناردەنی دەرەوە دەكرێت ، واتە ئابووری توانای ئەوەی هەیە كە پیشەسازیەكانی زیاتر بكات لەوەی كە لە قۆناغی دەرچوون ( قۆناغی 3 ) دەستەبەری كردبوو . وە نوێترین داهێنانەكانی تەكنیكی لە زۆربەی بوارەكان بۆ بەگەڕخستنی ( موارد )ەكان بەكاردەهێنرێت ، هەروەها زانیاری تەكنیكی وە لێهاتوویی كارگێڕی زیاد دەكات بە شێوەیەك وابكات ( وادەكات ) كۆمەڵگا ئەو كاڵایە بەرهەم بهێنێت كە دەیەوێت واتە لە توانای دایە ئەو كاڵایە بەرهەم بهێنێت كە دەیەوێت ، وە ئەم قۆناغە خەملێنراوە بە چل ساڵ .

5. قۆناغی بەكاربردنی بەرفراوان ( بەرفراون بوون لە بەكاربردن ) : لەم قۆناغە كۆمەڵگا بەرەو بەرهەم هێنانی كاڵا و خزمەتگوزاری ( معمرة ) دەچێت ، وە داهاتی تاكەكان بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستێكی بەرز ، وە زۆرێك لە تاكەكان دەتوانن كاڵای تر بەكاربێنن جگە لە (لەسەرووی ) كاڵای خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ وشوێنی حەوانەوە، وە پێكهاتەی هێزی كار دەگۆڕێت بە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی شارەكان بۆ كۆی ژمارەی دانیشتوان ، وە بەرزبوونەوەی ڕێژەی كارمەندان ئەوانەی كاردەكەن لە نوسینگەكان یاخود لەو ئەركانەی ( كارانەی ) كە پێویستی بە لێهاتوویی هەیە لە پڕۆژەكانی پیشەسازی و پڕۆژەكانی تر ، وە داواكردن و پاڵە پەستۆی دانیشتوان

سووك دەبێت لەسەر زیادکردن و بەرفراوانکردنی تەکنیکی نویٚ و بەگەڕخستنی ( موارد )ەکانی ئابووری بۆ خۆشگوزەرانی .

ئەمە و کۆسپێکی سەرەکی هەیە بۆ پێداویستیەکانی گەشەی ئابووری ، چونکە بۆ هەر قۆناغێك کۆکردنەوەی پاشەکەوتەکانی ناوخۆ و دەرەوە زۆر پێویستن تاوەکو وەبەرهێنانی پێویست ( مەبەست لە ئاستەکەیەتی ) ئە نجام بدرێت بۆ خێراکردنی گەشەی ئابووری .

بیردۆزی هارود - دومار بۆ گەشە

هەموو ئابووریەك پێویستی بەوە هەیە کە ڕێژەیەك لە داهاتی نەتەوەیی هەڵبگرێت ( پاشەکەوت بکرێت ) بۆ گۆڕینەوەی ( یاخود جێگرتنەوەی ) کاڵاکانی سەرمایەگوزاری کە لە دەرئە نجامی بەگەڕخستنیان وزەی بەرهەم هێنانیان لە دەست داوە وەکو ( باڵەخانەکان ، ئامێرەکان، کەرەستەکان ) ، وە بۆ ئەوەی گەشە ڕووبدات پێویستە وەبەرهێنانی تر ( وەبەرهێنانی نویٚ ) ئە نجام بدرێت بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ( رصید )ی سەرمایەگوزاری هەموەکی K ، وە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی Y ئەمە وەك نموونە ، وە ئەگەر پێویست بکات بەرهەم هێنان یەکسان بێت بە $1 بۆ ئەوەی وەبەرهێنان ببێت بە 3٪ ئەمە مانای ئەوەیە ( رصید )ی سەرمایەگوزاری لە شێوەی وەبەرهێنانی نویٚ دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕەوتی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی GNP.

ئەم پەیوەندی یە لە ئابووری ناسراو بە هاوکۆڵکەی سەرمایەگوزاری / بەرهەمهێنراو ( بەرهەم ) وە یەکسانە بە 1:3 ئەگەر تێکڕای سەرمایەگوزاری / بەرهەمهێنراو ( بەرهەم ) بریتی بێت لە K وە تێکڕای پاشەکەوتی نەتەوەیی بریتی بێت لە S وە ڕێَژەکەی ( مەبەست ڕێژەی پاشەکەوتە ) لە بەرهەمی نەتەوەیی یەکسان بێت بە ( 6٪ ) ، ئەوە وەبەرهێنانی هەمووەکی نویٚ دیاری دەکرێت بە ئاستی پاشەکەوتی هەمووەکی .

بیردۆزی هارود  دومار بۆ گەشەی ئابووری بە شێوەی بیرکاری :

1. پاشەکەوت S، ڕێژەی ( S ) لە داهاتی نەتەوەیی ( Y ) بریتیە لە

$$S=sY.......-1$$

2. وەبەرهێنان I، بریتیە لە گۆڕانکاری لە ( رصید )ی سەرمایەگوزاری K، وە دەتوانین گۆڕانکاری لە ( رصید )ی سەرمایەگوزاری $\Delta K$ بەم شێوەیە دیاری بکەین :

$$I=\Delta K.............-2$$

چونکە کۆی ( رصید ) بۆ سەرمایەگوزاری K، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە کۆی داهاتی نەتەوەیی یاخود بەرهەم Y، وە بەگوێرەی هاوکۆلکەی سەرمایەگوزاری / بەرهەمهێنراو ( بەرهەم ) ، ئەوا K بریتیە لە

$$\frac{K}{Y} = K$$

Or $$\frac{\Delta K}{\Delta Y} = K$$

**کەواتە** $\Delta K = K\Delta Y$ ..................-3

3. **کۆی پاشەکەوتی نەتەوەیی** S **پێویستە یەکسان بێت بە وەبەرهێنانی نەتەوەیی** I**، واتە :**

I=S …………..-4

**وە دەتوانین لە میانەی هاوکێشەی ( 1 ) ئەوە بزانین کە** S=SY**، وە هاوکێشەی ( 2 ) وە هاوکێشەی( 3 ) ئەو بزانین کە :**

$$I = \Delta K = K\Delta Y \dots \dots \dots \dots \dots - 5$$

**بەم شێوەیە دەتوانین یەکسانیەك ( هاوسەنگیەك ) بکەین لە نێوان لە نێوان پاشەکەوت و وەبەرهێنان کە لە هاوکێشەی ( 4 ) ئاماژەی پێکراوە ، وە بەم شێوەیەی خوارەوە :**

$$S = sY = K\Delta Y = \Delta K = I \dots \dots \dots \dots 6$$

**وە بە شێوەیەکی ئاسان بەم شێوەیە :**

$$SY = K\Delta Y \dots \dots \dots 7$$

**وە لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تێکڕای گەشە و پاشەکەوت ، کەواتە : ( دابەش کردنی هەردوو لای هاوکێشەی ( 7 ) بەسەر** Y **دوایی بەسەر** K **)**

$$\frac{\Delta Y}{Y} = \frac{s}{K} \dots \dots \dots \dots \dots .8$$

**ئەمە مانای ئەوەیە : بۆ ئەوەی ئابووری گەشە بکات پێویستە پاشەکەوت کردن و بەرەهێنان بکرێت.**

**هاوکێشەی ( 8 ) بریتیە لە لێکدانەوەیەکی ساکار بۆ هاوکێشەی هارود – دومار لە بیردۆزەی گەشەی ئابووری ، وە بە شێوەیەکی ساکار ئاماژە بەوە دەکات کە تێکڕای گەشەی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی** GNP( $\Delta Y/Y$ ) **دیاریکراوە ( یاخود دیاری دەکرێت ) بە پەیوەندی نێوان تێکڕای پاشەکەوتی نەتەوەیی** S **و هاوکۆلکەی سەرمایەگوزاری / بەرهەمهێنراو ( بەرهەم )** K**. بەمانایەکی تر ئاماژە کردنە بە : ئەگەر حکومەت چالاکی ئابووری ئە نجام نەدات ، ئەوا تێکڕای گەشەی داهاتی نەتەوەیی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ( ایجابی ) هەیە لەگەڵ تێکڕای پاشەکەوت ( هەرچەندە توانای ئابووری زیاد ببێت لەسەر پاشەکەوت کردن و وەبەرهێنان وەك ڕێژە لە کۆی**

بەرهەمی نەتەوەیی GNP ئەوا گەشەی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی GNP زیاد دەکات ). هەروەها پەیوەندیەکی پێچەوانە و ( سالب )ی هەیە لەگەڵ هاوکۆلکەی سەرمایەگوزاری / بەرهەمهێنراو ( بەرهەم ) ، ئەمە و بەرزبوونەوەی K دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی تێکڕای گەشەی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی GNP.

هارود – دومار چەند زاراوەیەکیان بەکارهێناوە بۆ گەشە کە بریتین لە :

1. **تێکڕای گەشەی ئارەزووکراو (Warranted rate of Growth (GW** بریتیە لە تێکڕایەك بۆ گەشە کە بەرهەم هێنەکان ئارەزوو دەکەن پێی بگەن ، وە لەم جۆرە گەشەیە ( مەبەست وەکو تێکڕا ) ئەوە بەرهەم هێنەکان هەموو کاڵاکانیان دەخەنەڕوو ، وە بەردەوام دەبن لە چالاکی بەرهەم هێنان بە هەمان ڕێژەی ( تێکڕای ) گەشەی داهات ( مەبەست ئەوەیە تێکڕای گەشەی بەرهەم و تێکڕای گەشەی داهات وەك یەك دەبن ) ، وە خستنەڕووی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان یەکسان دەبێت بە خواستی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان ، هەروەها وەبەرهێنانی پلان بۆ داڕێژراو و پاشەکەوتی پلان بۆ داڕێژراو یەکسانن بە یەکتری ( مەبەست ئەوەیە وەبەرهێنان یەکسانە بە پاشەکەوت ) .
2. **تێکڕای گەشەی دەستەبەر کراو – فعلي (Actual rate of Growth (GA**، بریتیە لە گۆڕانکاری سەدی ( ڕێژەیی ) لە گەشەی ئابووری ( گەشەی بەرهەم ) کە دەستەبەرکراوە ( هاتۆتە دەست ) لە نێوان ئێستا و ڕابردوو( مەبەست ئەوەیە ئەو گۆڕانکاریەی کە ڕوویداوە لە بڕی داهاتی نەتەوەیی لە ئێستادا بە جیاوازی پێکردن بە ڕابردوو ).
3. **تێکڕای گەشەی سروشتی (Natural rate of Growth (GN**، بریتیە لەو تێکڕایەی کە ڕێگا دەدات بە زیاد بوونی دانیشتوان و باشکردنی تەکنیکی ، وە ئەم تێکڕایە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك هۆکار کە بریتین لە : ( موارد )ەکانی سروشتی ، بەرەو پێشچوونی زانستی ( مەبەست تەکنەلۆجیایە ) ، ژمارەی دانیشتوان ، هەروەها پێداویستیەکانی سەرمایەگوزاری ، وە ئەم تێکڕایە مەبەست لێی: بەرهەم زیاد دەکات لە حاڵەتی بەگەڕخستنی تەواو .

وە لە حاڵەتی هاوسەنگی بۆ تێکڕای گەشە لە کاتی بەگەڕخستنی تەواو ئەوا هاوسەنگی بەم شێوەیە دەبێت :

$$GN=GW=GA$$

واتە تێکڕای گەشەی سروشتی یەکسانە بە تێکڕای گەشەی ئارەزووکراو وە یەکسانە بە تێکڕای گەشەی دەستەبەرکراو ئەمە دەستەبەرکردنی هاوسەنگیە ، وە بەم جۆرە هاوسەنگیە دەوترێت هاوسەنگی لێواری چەقۆ ، وە هەرلادانێك لە نێوان ئەم سێ تێکڕایە ئەوا دەبێتە هۆی هەڵاوسان یاخود پوکانەوەی ئابووری

وە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( 8 ) بۆ گەشە دەتوانین کاریگەری زیادبوونی پاشەکەوتەکان لەسەر گەشەی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی *GNP* ڕوون بکەینەوە :

**نمونە : ئەگەر هاوکێشەی سەرمایەگوزاری / بەرهەم هێنراوی ( بەرهەمی ) نەتەوەیی لەو وڵاتانەی کە کەمترین ئاستی گەشەیان هەیە یەکسان بێت بە ( 3٪ ) ، وە تێکڕای پاشەکەوتی هەموەکی ( $S$ ) یەکسان بێت بە ( 6٪ ) لە داهات ، ئەوە دەوڵەت بۆی هەیە ( دەتوانێت ) گەشە بکات بە تێکڕایەکی ساڵانە کە یەکسان بێت بە ( 2٪ ) ئەویش لەبەر ئەوەی :**

$$\frac{\Delta Y}{Y} = \frac{s}{K}$$

$$\frac{\Delta Y}{Y} = \frac{\%6}{\%3} = \%2$$

**( تێکرای گەشەی ساڵانە )**

**ئەگەر تێکڕای پاشەکەوتی دەوڵەت زیاد بکات لە ( 6٪ ) بۆ ( 15٪ ) لە میانەی زیاد کردنی باجەکان ، یارمەتیەکانی بیانی ، یاخود کەمکردنەوەی بەکاربردنی گشتی ( مەبەست خەرجی حکومەتە ) ،ئەوا گەشەی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی $GNP$دەکرێت زیاد بکات لە ( 2٪ ) بۆ ( 5٪ ) ئەویش لەبەر ئەوەی:**

$$\frac{\Delta Y}{Y} = \frac{s}{K}$$

$$\frac{\Delta Y}{Y} = \frac{\%15}{\%3} = \%5$$

**تێکڕای گەشەی ساڵانە دوای زیاد کردنی تێکڕای پاشەکەوتی دەوڵەت**

**تێبینی : دەتوانین بۆشایی ( جیاوازی ) نێوان پاشەکەوتەکان و وەبەرهێنانەکان ( پارەدارکردنی وەبەرهێنانەکان ) پڕ بکەینەوە لە ڕێگای ( لە میانەی ) :**

1. **یارمەتیەکانی بیانی .**
2. **وەبەرهێنانی بیانی تایبەت .**

**پلانی مارشاڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە ئەوروپا لەبەر ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا چەند بارودۆخێکی پێویست فەراهەمکرابوو لە ڕووی پەیکەری ( مەبەست پەیکەری ئابووریە )وە دامەزراوەیی ، وەکو**

1. **تەواوی ( بێ کەم و کورتی ) و بەهێزی بازاڕەکانی دارایی و کاڵاکان**
2. **فەراهەم کردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی پێشکەوتوو .**
3. **هێزی کاری مەشق پێکراو**
4. **بوونی هاندان ( یاخود گیانی ) بۆ دەستەبەرکدرنی سەرکەوتن .**

5. **لێهاتوویی حکومەت لە ڕووی کارگێڕییەوە .**

**ئەمە و بیردۆزی هارود - دومار و ولیم والت روستو لە ناوەڕۆکدا هەمان بارودۆخەکانی وڵاتانی دواکەوتووی تیایە ( مەبەست ڕەچاوکراوە ) ، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو پێویست دەکات چەند هۆکارێك یاخود بارودۆخێك ڕەچاو بکەن ( بکرێت ) کە تەواوکەری هۆکارەکانی ترن ، وەکو :**

1. **لێهاتوویی کارگێڕی .**
2. **کرێکاری لێهاتوو.**
3. **بوونی توانا بۆ دانانی پلانی تۆکمە .**
4. **هەماهەنگی کارگێڕی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێوان پڕۆژەکان .**

**شەش تایبە تمەندی گەشەی ئابووری : سیمون کۆزنتس**

**سیمون کۆزنتس لە ساڵی 1971 خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت لە ئابووری ئەویش بۆ ئەو کارەی کە کردی ( کارێکی پێشەنگ ) لە پێوانەکردن وشیکردنەوەی گەشەی داهاتی نەتەوەیی لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ( مەبەست وەرگرتنی زانیاری بوو بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ لەسەر داهاتی نەتەوەیی ).**

**ئەمە و پێناسەی گەشەی کردووە بە : بریتیە لە زیاد بوونی توانای دەوڵەت لە خستنەڕووی پێکهاتەیەکی هەمەجۆر لە کاڵاکانی ئابووری بۆ دانیشتوانەکەی ، وە ئەم زیادبوونە لە توانای بەرهەمداری پشت دەبەستێت بە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی و چاکسازی دامەزراوەیی و ئایدۆلۆجی کە گەشەی ئابووری پێویستی پێیەتی . ئەم پێناسەیە لە سێ بڕگەی سەرەکی پێك دێت کە زۆر گرنگە ، ئەوانیش بریتین لە :**

1. **بەردەوام بوون لە زیاد بوونی بەرهەمی نەتەوەیی وەك ئاماژەیەکە بۆ گەشەی ئابووری ، وە بوونی توانایە لە بەرفراوان بوونی ئاستی بەرهەم هێنانی کاڵاکان ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ پێگەیشتنی ( مەبەستی برەودانی ) ئابووری .**
2. **بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا بریتیە لە بنەمای یاخود مەرجی پێشوەختە بۆ بەردەوام بوونی گەشەی ئابووری وەکو مەرجێکی پێویست بەڵام نەك وەك تاکە مەرج چونکە بەرەو پێشچوونی تەنکنەلۆجیا بەس نیە بۆ گەشەی ئابووری .**
3. **بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی چاوەڕوانکراو کە هاوشانە بۆ تەکنەلۆجیای نوێ ، پێویست دەکات چاکسازی دامەزراوەیی و ئایدۆلۆجی هەبێت ، وە داهێنانەکانی تەکنەلۆجی بەبێ داهێنانەکانی کۆمەڵایەتی وەکو گڵۆپێکی بێ کارەبا وایە .**

ئەمە و سیمۆن کۆزنتس( 6 ) تایبە تمەندی دیاری کردووە ( ڕوون کردۆتەوە ) بۆ گەشەی ئابووری بۆ زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە بریتین لە :

1. تێکڕای بەرز بۆ هەریەك لە : بەشی تاك لە بەرهەمی ( داهاتی ) نەتەوەیی ، وە گەشەی دانیشتوان .
2. تێکڕای بەرز بۆ بەرهەمداری هەمووەکی بۆ توخمەکانی بەرهەم هێنان .
3. تێکڕای بەرز بۆ گۆڕانکاری لە پەیکەری ئابووری .

ئەوەی لە ماوەیەکی دوورو درێژ تۆمارکراوە ( مەبەست لە ڕووی مێژووییە ) لەسەر گەشەی وڵاتانی پێشکەوتوو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم تایبە تمەندیە زۆر گرنگە بۆ گەشە ، کە بریتیە لە تێکڕای بەرز بۆ گۆڕانکاری لە لایەنی کەرتەکان و پەیکەری ئابووری ( مەبەست لە گۆڕانکاری ڕێژەی بەشداری کردنی کەرتەکانە لە چالاکیەکانی ئابووری ).کە زۆر پێویستە بۆ چالاکی گەشەی ئابووری ، کە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕانی پەیکەری بە شێوەیەکی پلە پلە لە چالاکیەکانی کشت و کاڵی بۆ چالاکیەکانی تر کە کشت و کاڵی نین ( مەبەست لێی چالاکی پیشەسازی و خزمەتگوزاریە ... هتد )، وە تا ماوەیەکی نزیك لە ئێستادا گۆڕانکاری پەیکەری ئە نجام دەدرا لە کەرتی پیشەسازی بۆ کەرتی خزمەتگوزاری ، شان بە شانی ئەم گۆڕانکاریە گۆڕانکاری گەورە کرا لە قەبارەی یەکەکانی بەرهەم هێنان ( لە میانەی بەرەو پێشچوونی کۆمپانیاکانی خێزانی و کەسی بۆ کۆمپانیای نیشتمانی و فرەڕەگەزی ). لە کۆتایی دا گۆڕانکاری لە بارودۆخی پیشەیی بۆ هێزی کار لە چالاکیەکانی کشت و کاڵی و گوندەکان ( لادێکان ) بۆ چالاکیەکانی شارو پیشەسازی و خزمەتگوزاری .

4. تێکڕای بەرز بۆ گۆڕانکاری ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و سیاسی .

دیارە لەگەڵ گۆڕانکاری لە پەیکەری ئابووری لە هەر کۆمەڵگایەك گۆڕانکاری ڕوودەدات لە ئاڕاستەکان ( مەبەست لە دیدگای دەستی کارە ) و دامەزراوەکان و ئایدیۆلۆجیەکان . وە ئەم چالاکییە لە گۆڕانکاری بەرەو ژیانی شارو پیشەسازی ناسراوە بە نوێکاری ، ئەمە و میردل Myrdal چەند بۆچوونێکی داڕشت لەسەر بیری نوێ و نوێکاری لە میانەی نووسینێك لەسەر دواکەوتوویی ئابووری لە ئاسیا ، وە ئاماژەی کرد بەم خاڵانەی خوارەوە :

A. ژیرمەندی ( وشیاربوونە ): ژیرمەندی دروست دەبێت لە ڕێگای بیری نوێ ( نوێکاری ) بۆ بیرکردنەوە. هەروەها بۆ دەستی کار و بەرهەم و دابەشکردن و بەکاربردن وە بۆ هەموو کارەکان ( چالاکیەکان ) هەروەها لە چالاکیەکانی کلاسیکی ( مەبەست لە چالاکیەکانی ئابووری کە پێشتر بە ساکاری دەکران ). ئەمە و سەرۆك وەزیرانی هندی جواهر لال نهرو ئاماژەی بەوەکردوە کە : ئەوەی وڵاتانی دواکەوتوو پێویستیان پێیەتی بریتیە لە کۆمەڵگایەکی زانستی و تەکنەلۆجی ، وە پێویستە شێوازەکانی نوێ ( مەبەست لە تەکنەلۆجیای نوێیە ) جێبەجێ بکرێت لە هەموو بوارێك جا چ لە کێڵگە بێت یاخود لە کارگە بێت وە یاخود لە گەیاندن بێت ... هتد وە شێوازەکانی نوێ

تەنها لە دەستەبەرکردنی ( دابینکردنی ) ئامرازەکان ( مەبەست ئامێرەکانە ) وبەکارهێنانیان خۆی نابینێتەوە ، بەڵکو پێویستە شان بە شانی ئەم شێوازە نوێیانە بیری نوێ و نوێکاری و نوێ بوونەوە هەبێت ، چونکە ناتوانین کەرەستەی نوێ بە دەست بهێنین ئەگەر بیرکردنەوەیەکی کۆن و کلاسیکی بوونی هەبێت .

*B.* پلانی ئابووری : پلانی ئابووری کاریگەری گەورەی دەبێت لە خێراکردنی چالاکی گەشە پێدانی ئابووری.

*C.* داد پەروەری یاخود هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یەکسانی : مەبەست ئەوەیە داد پەروەری لە نێوان توێژەکانی ( چینەکانی ) کۆمەڵایەتی ( کۆمەڵگا ) بە ڕێژەیەکی زیاتر بێت ، وە کەم کردنەوەی جیاوازیەکان لە سامان و دابەشکردنی داهات وە کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی تاکەکان ، هەروەها ڕەخساندنی هەل ( هەلی کارکردن و خوێندن و .... هتد ) بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا .

*D.* گۆڕانکاری - باشکردنی ئاراستەکان و دامەزراوەکان : سەبارەت بە دامەزراوەکان ئەوە گۆڕانکاری - باشکردنی زۆر پێویستە ئەویش بە ئاما نجی : زیادکردنی لێهاتوویی و کارایی کرێکارەکان ، هاندانی کێبڕکێی کارا ( مەبەست لە کێبڕکێی بازاڕە لە نێوان بەرهەم هێنەکان ) . دەستەبەرکردنی هاندانی کۆمەڵایەتی ، هاندانی بیردۆزەکانی کەسی  بچووك ، دەستەبەرکردنی یەکسانی زیاتر لە ڕەخساندنی هەلەکان کە ببێت بە یارمەتیدەر بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمداری تا ئەو ئاستەی دەکرێت ، بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی تاکەکان . بەڵام سەبارەت بە گۆڕانکاری - باشکردنی ئاراستەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە جۆشکردنی کرێکاران بە بیری نوێ ئەوە ئەمانە لە خۆ دەگرێت : لێهاتوویی ، زیرەکی ، گرنگی دان بە کات ( پاراستنی کات ) ، پابەند بوون ، جێگەی باوەڕبوون ، سەرکردایەتی کردن ، هاوکاری ، پشت بە خۆ بەستان ، لێگرتنەوە ( مەبەست ئەوەیە زیاد لە پێویست خەرج نەکات ) ، بەردەوام بوون ( مەبەست بەردەوام بوونە لە چالاکی )، دەست پاکی ، دووربینی بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو .

5. ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو ئارەزووی زاڵبوونی هەبە ( زاڵ ببێت ) بەسەر بازاڕەکانی جیهانی و کەرەستەی سەرەتایی ( خاو ).
6. بڵاوبوونەوەی گەشەی ئابووری زیاتر لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە نزیکەی ( 3/1 )ی ژمارەی دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن.

تایبە تمەندی یەکەم و دووەم گۆڕاوەکانی ئابووری لە خۆ دەگرێت کەچی تایبە تمەندی سێیەم و چوارەم بۆ گۆڕاوەکانی گۆڕانی پەیکەریە ، بەڵام تایبە تمەندی پێنجەم و شەشەم کاریگەری بڵاوبوونەوەی جیهانی بۆ گەشە ڕوون دەکەنەوە ( ئاماژەی پێدەکەن ) .

**بیردۆزەی ئارثە ر لویس بۆ گەشەی کەرتی پیشەسازی**

**بیردۆزەی ئارثە ر لویس یەكێكە لە بەناوبانگترین بیردۆزەكان كە بەم دواییە دەركەوت ، وە جەختی كردۆتەوە لەسەر گۆڕانكاری پەیكەری بۆ ئابووری نێودەوڵەتی ( مەبەست ئابووری وڵاتانە ) كە تەنها بەرجەستەی نەمری و نەژی دەكات .**

**ئارثە ر لویس پێی وایە كە ئابووری وڵاتانی دواكەوتوو لە دوو كەرت پێك دێت ( بە گوێرەی لێكۆڵینەوەكە ) ئەوانیش :**

1. **كەرتی كشت و كاڵی كلاسیكی كە بۆ نەمری و نەژی یە ، وە لە تایبە تمەندیەكانی بەرهەمداری سنوورەكی یەكسانە بە سفر بۆ توخمی كار ( بوونی زێدەیی لە دەستی كار ) .**
2. **كەرتی پیشەسازی نوێ كە كرێكارەكان بۆی دەگواسترێتەوە پلە بە پلە لە كەرتی كشت و كاڵی .**

**بیردۆزەكە جەخت دەكاتەوە لەسەر :**

1. **چالاكی گواستنەوەی دەستی كار.**
2. **گەشەی بەرهەم و بەگەڕخستن لە كەرتی پیشەسازی .**

**تێبینی : چالاكی گواستنەوەی دەستی كار و گەشەی بەرهەم و بەگەڕخستن لە كەرتی پیشەسازی لە ڕێگای فراوانكردنی بەرهەمە لە كەرتی پیشەسازی .**

**كەواتە ئەو پرسیارەی كە لێرە دروست دەبێت بریتیە لە : چۆن چالاكی گواستنەوەی دەستی كار ئە نجام دەدرێت لە كەرتی كشت و كاڵی بۆ كەرتی پیشەسازی ، وە چۆن بەرهەمی هەمووەكی و بەگەڕخستن گەشە دەكات لە كەرتی پیشەسازی ؟ وەڵام: ئەم دوو چالاكیە ڕوودەدات لە ڕێگای فراوانكردنی كەرتی پیشەسازی ، لەگەڵ ڕەچاوكردنی خێرایی لە دووبارە وەبەرهێنانی قازا نجەكان كە بەدەست هێنراوە لە لایەن وەبەرهێنەرەكان .**

**كرێیەكان : ئەم بیردۆزەیە گریمانی ئەوە دەكات كە ئاستی كرێ لە كەرتی پیشەسازی :**

1. **جێگیرە .**
2. **بەرزترە لە ئاستی كرێی جێگیر ( جێگیرە وەك تێكڕا ) ، كە هەیە بۆ نەمری و نەژی لە كەرتی كشت و كاڵ ، وە پێویستە كرێی كەرتی پیشەسازی بەرزتربێت ( بە لایەنی كەم ) بە ڕێژەی (30٪) لە تێكڕای داهاتی ( كرێی ) كەرتی كشت و كاڵی تاوەكو كۆچ كردنی كرێكارەكان ڕووبدات لە كەرتی كشت و كاڵی بۆ كەرتی پیشەسازی .**

**كە رتی كشت و كاڵی : بیردۆزەكە گریمانی ئەوە دەكات كە لە كەرتی كشت و كاڵی ئەمانە هەن :**


1. **زێدەیی لە دەستی كار : بەو مانایەی كە بەرهەمداری سنوورەكی بۆ توخمی دەستی كار یەكسانە بە سفر.**

2. **هەموو کرێکارەکانی کەرتی کشت و کاڵی بە یەکسانی بەشداری دەکەن لە بەرهەم ، لەبەر ئەوە کرێی کشت و کاڵی دیاری دەکرێت بە تێکڕای بەرهەمداری بۆ توخمی دەستی کار نەوەك بە بەرهەمداری سنوورەکی .**

**پ: کرێی کشت و کاڵی دیاری دەکرێت بە تێکڕای بەرهەم بۆ توخمی دەستی کار نەوەك بە بەرهەمداری سنوورەکی ، بۆچی ؟**

**و: چونکە هەموو کرێکارەکانی کەرتی کشت و کاڵی بە یەکسانی بەشداری دەکەن لە بەرهەم .**

نموذج آرثر لويس لنمو القطاع الحديث (الصناعي) في ظل
نموذج القطاعين والاقتصاد وفير العمالة في الريف




Wm: الاجر في القطاع الصناعي (الحديث)
WA: الاجر في القطاع الزراعي (التقليدي)

٣٧

- 
- **پێناسەی شێوەکە ( وێنەکە )**

**لای ڕاستە : کەرتی کشت و کاڵی**

**بەشی سەرەوە :**

- **تەوەرەی ستوونی : بریتیە لە نەخشەی ( چەماوەی ) بەرهەمی کشت وکاڵی وە دیاری دەکرێت ( دیاری کراوە ) بە بەرهەمی هەمووەکی .**
- **تەوەرەی ئاسۆیی : بریتیە لە ژمارەی کرێکارەکانی کەرتی کشت و کاڵی**

**بەشی خوارەوە :**

- **تەوەرەی ستوونی :بریتیەلە چەماوەی تێکڕای بەرهەم و بەرهەمی سنوورەکی بۆ کرێکار .**
- **تەوەرەی ئاسۆیی : بریتیە لە ژمارەی کرێکارەکانی کەرتی کشت و کاڵی .**

**لای چە پە : کەرتی پیشەسازی**

**بەشی سەرەوە:**

- **تەوەرەی ستوونی : بریتیە لە چەماوەکانی بەرهەمی هەمووەکی کە نەخشەیە لە توخمی گۆڕاو ( دەستی کار )** LM **وە سەرمایە گوزاری** KM **و تەکنەلۆجیا** TM.
- **تەوەرەی ئاسۆیی : بریتیە لە ژمارەی کرێکارەکانی کەرتی پیشەسازی .**

**بەشی خوارەوە :**

- **تەوەرەی ستوونی : بریتیە لە کرێی ڕاستەقینە لە کەرتی پیشەسازی ، وە لەم ئاستەی کرێی خستنەڕووی دەستی کار لە کەرتی کشت و کاڵی نەرمی نواندنی بێ کۆتایە** *WMSL* .
- **تەوەرەی ئاسۆیی : بریتیە لە ژمارەی کرێکارەکانی کەرتی پیشەسازی .**
- **چەماوەی خواست لەسەر دەستی کار بریتیە لە** *D*
- **شیکردنەوەی ( ڕاڤەکردنی ) شێوەکە ( وێنەکە ):**

**لەبەر ئەوەی سەرمایە یەکێکە لە توخمە کاراکان لە کەرتی پیشەسازی وە هەلی ئەوەی هەیە کە زیاتر بەکاربهێنرێت ، بۆیە ئارڤە ر لویس پێی وایە پێویستە هەل بڕەخسێت بە زیادکردنی لە** *Km1* **بۆ** *Km2*

( لای چەپە – بەشی سەرەوە ) ئەویش لە دەرئەنجامی دووبارە وەبەرهێنانەوەی قازانجەکان لەلایەن سەرمایە دارانی پیشەسازی .

**پ: بۆچی چەماوەی بەرهەمی هەمووەکی جوڵە دەکات بۆ سەروو لە کەرتی پیشەسازی بە گوێرەی بۆچوونی ( دیدگای ) ئارثەر لویس ؟**

و: ئەویش لەبەر دووبارە وەبەرهێنانەوەی قازانجەکان لەلایەن سەرمایەدارەکان ( سەرمایەدارانی پیشەسازی ) .

**ئێستا :**

1. کاتێك کە بەرهەمی هەمووەکی لە کەرتی پیشەسازی یەکسانە بە ( *KM1* ) *Tpm*، ئەوە:
   - بەرهەمی هەمووەکی یەکسانە بە *OD1 FL1*
   - کۆی کرێیەکان یەکسان بە *OWm FL1*
   - قازانجی سەرمایە داران یەکسانە بە *WmD1F*
   - خاڵی ( *F* ) بریتیە لە خاڵی هاوسەنگی لە نێوان چەماوەی خواست لەسەر دەستی کارو چەماوەی خستنەڕووی لەسەر دەستی کار .
2. کاتێك چەماوەی بەرهەمی هەمووەکی جوڵە دەکات لە ( *Tpm(KM1* بۆ ( *Tpm* ( *Km2*، ئەوە:
   - بەرهەمی هەمووەکی یەکسانە بە *OD2GL2*
   - کۆی کرێیەکان یەکسانە بە *OWmGL2*
   - قازانجی سەرمایەداران یەکسانە بە *WmD2G*
   - بەڵام خاڵی هاوسەنگی نوێ لە بازاڕی دەستی کار ئەوە لە ( *G* )یە .
3. بەڵام کاتێك چەماوەی بەرهەمی هەمووەکی جوڵە دەکات لە ( *TPm* ( *KM2* بۆ ( *TPm(Km3*، ئەوە:
   - بەرهەمی هەمووەکی یەکسانە بە *OD3HL3*
   - کۆی کرێیەکان یەکسانە بە *OWmHL3*
   - قازانجی سەرمایەداران یەکسانە بە *WmD3H*
   - بەڵام خاڵی هاوسەنگی نوێ لە بازاڕی دەستی کار لە ( *H* )ە .

بەم شێوەیە چالاکی گەشە و فراوان بوون لە بەگەڕخستن لە کەرتی پیشەسازی بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەو زێدەیەی کە لە دەستی کار هەیە لە کەرتی کشت و کاڵی دەگواسترێتەوە بۆ کەرتی پیشەسازی .

- ڕەخنەکان :

سەرەڕای گونجاون و جێبەجێکردنی ئەم بیردۆزەیە لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوانەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵیدا ژیاون لە قۆناغەکانی گەشەی ئابووری ، بەڵام سێ گریمانی تیایە لەوانەیە گونجاو نەبن لەگەڵ بارودۆخی هەندێك لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووی هاوچەرخ ، کە بریتین لە :

1. ئەگەر دووبارە وەبەرهێنان بکرێت بۆ قازانجی سەرمایەداران بە بەکارهێنانی ئامێری نوێ کە پێویستی بە چڕی سەرمایە هەیە ، وە جێگرەوەی دەستی کارە ، ئەوە لەم حاڵەتە چەماوەی خواست لەسەر دەستی کار جوڵە ناکات ( واتە خواست ، زیاد ناکات لەسەر دەستی کار ) .
2. زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بێکاری شاراوە بوونی هەیە لە کەرتی پیشەسازی لە زۆرێك لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ، لە بەرامبەردا ئەم جۆرە بێکاریە ڕێژەکەی کەمترە لە کەرتی کشت و کاڵی بە جیاوازی پێکردن بە کەرتی پیشەسازی لەم حاڵەتە چالاکی گواستنەوەی کرێکارەکان لە کەرتی کشت و کاڵی بۆ کەرتی پیشەسازی کارێکی دژوارە ئەگەر مەحاڵ نەبێت .
3. مانەوەی ئاستی کرێ لە کەرتی پیشەسازی بە جێگیری ( نەگۆڕی ) گریمانێکی ناواقیعە چونکە بەردەوام گۆڕانکاری لە ئاستەکانی کرێ هەیە بە ئاراستەی بەرزبوونەوە لە شارەکان یاخود لە کەرتی پیشەسازی لە زۆرێك لە وڵاتان .

سەرەڕای ئەم ڕەخنانە کە ئاراستەی ئەم بیردۆزەیە کراوە بەڵام هەژمار دەکرێت ( دادەنرێت ) بە کلیلێك بۆ دەست پێ کردن بە چالاکی گەشەی ئابووری ، بەڵام پێویستی بە چەند دەستکاریەك هەیە بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەریەك بە گوێرەی تایبە تمەندیەکانی .